

# سەدەی بیستەم؛ شەبەنگ و ڕێگا


مارشال بێرمەن

لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد

مۆدێرنیتی دیمەنە سەرەتاییە مۆدێرنەکانی بۆدلێر لە زۆر لایەنەوە بە نوێ و هاوچەرخ دادەنرێن. لە زۆر لایەنی تریشەوە، شەقام و ڕۆح لای ئەو وەك شتانێکی کۆن و چۆڵکراو دەردەکەون. ئەمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە سەردەمەکەمان ئەو ململانێیانەی چارەسەر کردوە -ململانێ چینایەتی و ئایدیۆلۆژی و عاتیفییەکانی نێوان عاشقان و ململانێکانی نێوان تاکەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێ ڕۆحییەکانی نێو سوبێکت- کە ژیان و زیندوێتییان بە «خەمۆکییەکەی پاریس» بەخشیوە، بەڵکوو بە هۆی ئەوەیە کە سەردەمەکەمان ڕێگایەکی نوێی دۆزیوەتەوە بۆ دانانی ماسك لە سەر ململانێکان و بە کۆدکردنیان. یەکێك لە جیاوازییە گرینگەکانی نێوان سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم، دروستکردنی تۆڕێك شەبەنگ [ئاورا]ی نوێ بوو تاوەکو جێگای شەبەنگەکانی ئەو سەردەمە بگرێتەوە کە هەریەکە لە بۆدلێر و مارکس تێیدا ژیابوون. ئەم پەرەسەندە لە ڕوونترین فۆرمیدا لە بواری شوێنی شارنشینیدا دەردەکەوێت. ئەگەر ڕووداوەکانی دروستکردنی شوێنە شارنشینییەکان بهێنینە بەرچاوی خۆمان، دەتوانین هەموو ئەو گەڕەك و ناوچە شانشینییە نوێیان بە زەینماندا بهێنین کە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە دروست کراون؛ لێرەدا بەر سەختی خەیاڵکردنێك دەکەوین کە لە نارەزاییەکانی بۆدلێردا بوو. ئەمەیش ڕێکەوت نییە. لە سەدەی بیستەم و ئێستاماندا نەخشەی پانتاییە شارنشینییەکان دارێژرا و لە سەر بنەمای مسۆگەرکردنی بەریەکنەکەوتن و نابەرانبەری لە نێوانیاندا ڕێك خرا. خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئاراستەی شارنشینی لە سەدەی نۆزدەدا شەقامی پانوپۆڕی سەرەکی boulevard بوو کە بە درەخت دادەچێنرا و بە ئامرازی کۆبوونەوەی هێزە مادی و مرۆییە تەقیوەکان لە یەك شوێندا، دادەنرا. بەڵام خەسڵەتی جیاکەرەوە و تایبەتمەندی سەدەی بیستەم و مەیلە شارنشینییەکەی ڕێگای خێرا highway یە، کە بە ئامرازی لێکجیاکردنەوە و لێکدوورخستنەوەی پارچەکانی ئەم هێزانە دادەنرێت. لێرەدا دەبینین دیالەکتیکێکی سەیر هەیە کە تێیدا تەرزێکی مۆدێرنە لە یەك کاتدا خۆی دەخاتە ئیش و شپرزەییەوە، وەك هەوڵێك بۆ لەنێوبردنی تەرزەکەی تری پێش خۆی. هەموو ئەمانەیش بە ناوی مردێرنیتییەوە.

ئەوەی هەموو ئەو فێڵانە دەخاتە نێو بیناسازیی سەدەی بیستەمەوە، کە لەم ئاستەدا لە ڕوانگەی ئێمەوە هەر لە نێو مۆدێرنیتیی خۆیدایە، هەمان ئەو پنتەیە کە بۆدلێر لێیەوە دەست پێ دەکات. ئەویش ئەو پنتەیە کە بە خێرایی دەسڕدرێتەوە. ئەوەتا «لۆکۆر بواسییر»، کە بە یەکێك لە گەورەترین بیناسازەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، کتێبەکەی خۆی بە ناونیشانی Lurbanism دەنووسێت (ئەم کتێبە بە ناونیشانی The city of Tomorrow بۆ ئینگلیزی وەرگێڕراوە) و، کە بە مانیڤێستە مەزنە مۆدێرنیتییەکەی خۆیی دادەنێت و لە ساڵی 1924 دا بڵاوی کردووەتەوە. لە پێشەکییەکەیدا باس لە ئەزموونێکی پراکتیکی دەکات کە پێمان دەڵێت ئەوە سەرچاوە روونەکەی تێروانینە بیناسازییەکەی ئەوە. نابێت قسەکەی بە حەرفی وەربگرین؛ بەڵکوو دەبێت گێڕانەوەکەی وەك حیکایەتێکی مۆدێرنە تێ بگەین کە لەو حیکایەتە دەچێت پێشتر بۆدلێر گێڕاویەتییەوە. حیکایەتەکە لە یەکێك لە شەوانی هاوینی 1924 دا، لە شەقامێکی سەرەکیی ناسراودا، کە پڕی بوو لە درەخت دەست پێ دەکات، ئەویش شەقامی شانزلیزیە بوو. لە دەمی خۆرئاوابوونەدا بۆ پیاسەیەکی ئارام دەچێتە دەرەوە، کەچی لە ناکاو خۆی دەبینێتەوە کە بە هۆی قەرەباڵغی ڕێگەوبانەوە بەرەو شوێنێکی دوور لە شەقامەکە ڕاپێچ بوە. ئەمە دوای نیو سەدە بوو لە بۆدلێر: «وەك بڵێی جیهان تووشی شێتی بوە».



**بیرمەندانی «نائومێدیی کەلتووری» هەر لە ت. هۆلم و ئیزرا پاوەند و ئیلیۆت و ئۆرتیگاوە بۆ ئیلۆل و فۆکۆ و ئارێنت و مارکۆزە وای دەبینن کە ژیانی مۆدێرن هەرهەمووی پووچ و نەزۆك و دارماوە و یەك ڕەهەندی هەیە و لە توانا مرۆییەکان خاڵییە**

لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر، هەست بەوە دەکات کە «قەرەباڵغیی هاتوچۆ زیاتر دەبێت، هەموو ڕۆژێکیش زیاتر دەشێوێت». (لێرەدا چوارچێوەی زەمەن دەشکێت و چڕێتیی تراژیدیی تا ڕادەیەك دەپچڕێت). لۆکۆر بواسییر هەستی بە مەترسی و لاوازیی دەکرد: «چوونەدەرەوە لە ماڵ واتای ئەوەیە هێشتا بەتەواوی لە دەرگاکە پێمان نەخستوەتە ئەودیوە خەریکە ئۆتۆمبێلە تیژڕەوەکان دەمانکەن بە ژێرەوە». دەبینین لە شۆك و سەرسوڕمانی خۆیدا لێکدژیی نێوان شەقام (و شار) لە سەردەمی ناوەڕاستی تەمەنی و شەقام لە سەردەمی گەنجێتییەکەیدا بەر لە جەنگ، دەخاتە ڕوو: «بیری بیست ساڵ لەمەو بەرم دەکەوێتەوە، سەردەمی گەنجێتی کە هێشتا قوتابی بووم. لەو سەردەمەدا ڕێگاکان بۆ ئێمەبوون، گۆرانیمان تێدا دەگوتن، مستومڕۆمان تێیدا دەکردن، کەژاوەکانی کرێیش کە ئەسپەکان ڕایان دەکێشا بە لاماندا تێدەپەڕین». ئەو خەمێکی قووڵ و تاڵییەکی لەمێژینە دەردەبڕێت کە هێندەی خودی شارشتانێتی کۆنە. ئەمە ئەو بابەتانەن کە زۆر جار لە شیعری «ئەو ڕۆشناییە خەونبینە بۆ کوێ چوو؟»دا دووبارە دەبنەوە. بەڵام هەستکردنەکەی بە پێکهاتەی شارنشینی و زەمانی مێژوویی، شەیدایی ئازادی و جیدیەت بە نیگا و تێڕوانینی دەبەخشن: «لەو سەردەمەدا ڕێگاکان بۆ ئیمە بوون». پەیوەستیی گەنجانی قوتابی بە شەقامەوە هەمان پەیوەستییانە بە جیهانەوە. دونیا لە بەردەمیاندا کراوەبوو؛ دونیا موڵکیان بوو، هەر چۆن بیانویستایە بە نێویدا دەگەڕان. بە هێمنی دەیانتوانی تێیدا مشتومڕ بکەن و گۆرانیی بچڕن؛ مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان و گالیسکەکان لە جۆرێك بەهەشتی شارنشینیدا بە ئاشتی و خۆشی دەژیان. ئاسۆ فراوانەکانی «هاوسمان» بە بەردەم هەموویاندا بڵاو دەبووەوە و بۆیان دەبوە مایەی تاقی سەرکەوتن. بەڵام ئەمڕۆ، خەونەکە بوو بە هەڵم و ڕێگاکان بوونە ڕێگای هاتوچۆ، بوونە خەونی خەونبینێك کە دەبێت ژیانی خۆی دەرباز بکات.

چۆن دەکرێت ڕۆح ئەم هەموو گۆڕانەی بە سەردا هاتبێت؟ بۆدلێر ڕێگای ئەمەمان پیشان دەدات: «دەبێت ئەم جووڵە توندوتیژ و کتوپڕانە لە ژیانی شاری مۆدێرندا بگۆڕیت بۆ درەوشانەوەی ئایدیالیی هونەری مۆدێرن کە پێکەوە تازەگەراکان کۆ بکاتەوە. لە لایەنەکانی خەیاڵی بۆدلێردا نیشانەی هێماکانی تری مۆدێرنە دەبینین کە لە ئاسۆدا دەدرەوشێنەوە: سەرپێچیی شۆڕشگێڕانە کە زۆرینەی دوورەپەرێزە شارنشینەکان دەگۆڕیت بۆ گەل و، گەڕانەوەی

شەقامی شارەکان بۆ ژیانی مرۆیی. لۆکۆر بواسییر ستراتیژیەتی سێیەم دادەنێت کە دەبێتە مایەی تەرزی سێیەمی ئێجگار بە هێزی مۆدێرنیتە. دوای تێکۆشانێکی پڕزەحمەت لە کاتی پیاسەدا، دەبینین بازێکی بوێرانەی کتوپڕ هەڵدەدات؛ چوە ڕیزی ئەو هێزانەوە کە بەرەو ڕوویان دەچوو: «لەو ڕۆژەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی 1924 ـدا، هاوکار بووم بۆ لەدایکبوونی (ژیانەوەیەکی)ـی گەورەی دیاردەیەکی نوێ... هاتوچۆ، گالیسکەکان، ئۆتۆمبێلە خێراکان، خێرایی مرۆڤە گەشبینەکان، کە پڕی بوون لە حەماسەت و شادی... شادیی هێز، خۆشییەکی پوخت کە مرۆڤ ئەو کاتەی لە دڵی هێزدایە هەستی پێ دەکات؛ ئەو بەشداریی تێدا دەکرد؛ بەشداریی لەم کۆمەڵگەیەدا دەکرد کە هەڵهاتنی کازیوەکەیمان دەبینی. مرۆڤ لەم کۆمەڵگە نوێیەدا خۆی پڕ دەکات لە متمانە».

ئەم بازەی باوەڕبەخۆبوون (وەك ئەو هاتوچۆیە) خێرابوە، بە ڕادەیەك خێرا بوو کە لۆکۆر بواسییر دەرفەتی نەبوە سەرنجی ئەوە بدات کە سەرکەوتوو بوە. لە ساتێکدا دەبینین پیاوێکی بۆدلێریی ئاشنایە و بە شەقامێکدا دەڕوات کە بەگژ قەرەباڵغی و تیژڕەویی هاتوچۆکاندا دەچێتەوە؛ لە ساتێکی تردا، ڕوانگەکەی لە ڕیشەوە دەگۆڕێت، بە جۆرێك کە دەبینین «لە نێو» قەرەباڵغیی ڕێگاوبانی هاتوچۆکەدا دەژی و دەجووڵێت و قسە دەکات. لە ساتێکدا دەبینین قسە لە بارەی خۆیی و ژیانی و ئەزموونەکەیەوە دەکات «بیری بیست ساڵ لەمەو بەرم دەکەوێتەوە... ڕێگاکان بۆ ئێمە بوون»، ساتێکی تر دەبینین ڕاناوی قسەکەر ون دەبێت و لە نێو زریانی پرۆسەکانی مێژووی جیهانیدا هەڵدەوەشێتەوە. بکەری نوێ «مرۆڤێك»ـە بە هەموو ئەبستراکتی و گشتێتی و زیندووێتییەکەوە کە هەیەتی، بە هێزی جیهانی نوێوە. دوای ئەوەی لە مەترسییەکەی سڵ دەکاتەوە و مەودای لێ وەردەگرێت، دەتوانێت لە ناوەڕاستیدا بوەستێت و باوەڕی پێ بهێنێت و ببێتە بەشێك لێی. لە بریی جووڵە توندوتیژ و ناکاوەکان، کە بۆدلێر جەوهەری ژیانی واقیعیی مۆدێرنی تێدا دەبینی، دەبینین مرۆڤە مۆدێرنەکەی لۆکۆر بواسییر هەنگاوێکی گەورە دەنێت کە لە هەموو هەنگاوەکانی تر دەوڵەمەندترە؛ بازێك کە کۆتاییە؛ مرۆڤی ئاسایی ئامێزان بە هێزە نوێیەکە دەبێت، بەوەی کە لە سەر شەقامەکەوە بچێتە نێو کەژاوەکە.

ڕوانگەی مرۆڤی مۆدێرن بۆ کەژاوە، نموونەکانی نەخشەسازی و پلانی شارنشینیی سەر بە سەدەی بیستەم و مۆدێرنەی لێ بەرهەم دێت. مرۆڤی مۆدێرن لە ڕوانگەی لۆکۆر بواسییرەوە پێویستی بە «جۆرێکی نوێی شەقامەکان» هەیە، شەقامی نوێیش دەبێت لە ڕاستیدا «پڕی بێت لە کەرەستەکان وەك بڵێی کارگەیە». لەم شەقامەدا، هەر وەك کارگەی نوێ، دەبینین باشترین نموونەکانی ماشێن و کەرەستە ئامادەکراوەکان، ئەو نموونەیەیە کە بە وردترین شێوە بە شێوازێکی میکانیکی ئیش دەکات. مرۆڤەکان هیچ نین جگە لە ئیشپێکەری ماشێن و مەکینە و ئۆتۆمبێلەکان، پیادەڕەوەکانیش لە خێرایی دەرپەڕین و هەڵقولانی ئەمانە کەم ناکەنەوە: «قاوەخانە و کافتریا و شوێنەکانی سەیران و باخچەکان لە سەر شۆستەکانی پاریس وەك بەکتریاکان بڵاو نابنەوە». لە شاری داهاتوودا، ڕێگای شۆستەدار تەنیا تایبەتە بە هاتوچۆ.

لەو ساتەدا کە لۆکۆر بواسییر لە شانزلیزیە خەونی دەبینی، ڕوانگەیەك بۆ جیهانی نوێ لە دایك بوو، جیهانێکی پڕ و تەواو لە تاوەرە جیهانییەکان کە پانتاییەکی فراوانی سەوزایی و باخچەی کراوە دەوریان دەدات، تۆڕێك ڕێگای خێرای هەڵواسراو و بەرزەپرد بەشەکانی پێکەوە دەبەستێتەوە کە گەراجەکانی ژێرزەمین و مارکێتەکانی کڕین و


marshall berman

فرۆشتنی تێدا دادەمەزرێن؛ ئەمەیش هەمان ئەو روانگەیە کە تێڕوانینێکی سیاسیی ڕۆشنی هەیە و لە کۆتاییەکانی کتێبی «بەرەو بیناسازیی نوێ: بیناسازیی یان شۆڕش، دەشێت شۆڕش وەلا بنێین»، باس کراوە.

لەو سەردەمەدا ئاماژە سیاسییەکان بە باشی دەرك نەدەکران. ئەوەیش روون نییە کە ئایا لۆکۆر بواسییر خۆیشی دەرکی پێ کردوە یان نا. بەڵام ئێمە دەبێت ئێستا لێی تێ بگەین. تێزەکە هەر ئەوەیە کە دانیشتوانی شارنشین لە ساڵی 1789 و ساڵانی سەدەی نۆزدەوە و، لە بزووتنەوە شۆڕشگێرییە گەورەکانی کۆتاییی جەنگی دووەمی جیهانیدا پیشانیان داوە و، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە شەقام موڵکی خەڵکییە؛ ئەنتی تێزی ئەمەیش ئەو گوتەیەی لۆکۆر بواسییرە کە دەڵێت «نە شەقام و نە خەڵکی». لە سەردەمی دوای «هاوسمان»ـدا لە شەقامەکانی شاردا، لێکدژییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ژیانی مۆدێرن کۆبوونەوە و خەریك بوو بتەقنەوە، بەڵام ئەگەر ئەم شەقامانە بسڕرانایەتەوە و نەمانایە ئەوا ئەم لێکدژییەکانە بە بەر چاوی کەسەوە نەدەهاتنە سەر ڕووتەختەکە. بەم جۆرە بیناسازیی نوێ و نەخشەسازیی مۆدێرن بوە مایەی دروستبوونی وێنەیەکی نوێ لە ژیانی سادەی گوندنشینی یان جیهانێك کە لە رووی شوێن و کۆمەڵایەتییەوە بۆ چەندین بەش دابەش بوە: مرۆڤەکان لێرە و کەژاوەکان لەوێ؛ کار لێرە و ماڵەکان لەوێ؛ دەوڵەمەند لێرە و هەژار لەوێ؛ بەڵام چیمەنتۆ و سەوزایی لە یەك جیایان دەکاتەوە. لە کاتێکدا دەکرا شەبەنگەکان دیسانیش لە دەوری سەری خەڵکی بگەشانایەتەوە»[1].

ئەم جۆرە لە مۆدێرنە شوێنەوارێکی قوڵی لە سەر ژیانی کۆمەڵگەکانمان جێ هێشت. گەشەسەندنی خێرای شارەکان لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا لە دەوڵەتە سەرمایەداری و سۆسیالیستییەکانیشدا پێکەوە، هێرشێکی رێکخراو و زۆر جار سەرکەوتووی دەست پێ کردوە و ئەدگارەکانی «فەوزای گشتی» کوژاندەوە کە تایبەتمەندیی ژیانی شارنشینیی سەدەی نۆزدە بوو. لە ژینگە شارنشینییە نوێیەکەدا –هەر لە شاری لیفراکەوە بۆ «سینشاری سیتی» و لە «بیچ ترای پلازا»وە لە ئەتلەنتا بۆ «رێنیسانس سەنتەر» لە دیترۆیت- شەقامی کۆنی نوێ رادەکێشرێت و دابەشکارییەکان دروست دەکات، دابەشکردنی شەقامەکان بەو تێکەڵە هەڵگەڕاو و پڕ جووڵانەی مرۆڤ و کەژاوە و شوێنکارەکان و ماڵەکان و دەوڵەمەندەکان و هەژارەکانیشەوە کە تێیدا بوون، بۆ بەشە لێکجیاکان کە دەروازەی چوونە ژوورەوە و دەرچەی چوونە دەرەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە ژێر چاودێری و باڵادەستییەکی تونددان، هیچ بەستەرێکیش لە نێوانیاندا نییە جگە لە گۆڕەپانەکانی چاوەڕوانی و گەراجەکانی ژێر زەمین.

هەموو ئەم شوێنانە و خەڵکەکانی لە هەر شوێنێکی تر یان لە هەر کەسێکی تر لە شاری بۆدلێردا، بە رێکخراوتر و ئارامتر دادەنرێن. هێزە ئەنارشیستە تەقیوەکان دارمان، کە پرۆسەی مۆدێرنیزەبوونی شارنشینی کردی بە ژێر شەپۆلێکی نوێی مۆدێرنیزەکردنێکەوە کە ئایدیۆلۆژیای پێگەیشتووی مۆدێرنە پشتیوانی دەکرد. لەمڕۆدا شاری نیویۆرك بە یەکێك لەو شارە ئەمریکییە دەگمەنانە دادەنرێت کە دەشێت دیمەنە سەرەتاییەکانی بۆدلێری تێدا روو بدەن. ئەم شارە کۆنانە یان بەشەکانی شارەکان زۆر لەوە زیاتر لە ژێر مەترسیدان کە رۆژانی سەردەمی بۆدلێر هەڕەشەی لێ دەکردن. ئەمەیش جێگای سەرزەنشتە کە چ لە لایەنی سیاسییەوە و چ لە لایەنی ئابوورییەوە بێ بەشن لە گەشەکردن و کاتێکیش بەراوردیان دەکەین بە هەرێمە زیاتر «گەشەکردووەکان»، رۆشنایی خۆیان لە دەست دەدەن. پارادۆکسی گاڵتەجارانەی شارنشینگەرایی مۆدێرن ئەوەیە کە سەرکەوتنەکەی هاوکار بوو بۆ وێرانکردنی ژیانی شارنشینی کە دەیویست دەستی پێ بکات[2].

لە بەرانبەر ئەم سەتحیکردنەوەیە شارنشینییەی شوێندا، سەدەی بیستەم سەتحیکردنەوەیەکی هاوشێوی فیکری

**کەسانێك هەن کە مژدەی ئەوە دەدەن ئەم ژیانە ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت. لە نێوەندی ترس و نیگەرانییەکانی قەیرانی وزەی هاوچەرخدا، وا دەردەکەوێت کە ژیانی ساکاری گوندنشینیی لە دۆخی دارماندایە**



کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنا و، فیکری جددی لە ژیانی مۆدێرن هەر لە مارێنتی و مایاکۆفسکی و لۆکۆر بواسییرەوە بۆ بەکمینستەر فۆلەر و مارشال ماکلوهان و هێرمان کان، هەموو ئەو ناکۆکییە کەسی و کۆمەڵایەتییانەی دوور خستەوە کە لە ژیانی مۆدێرنەوە ئاڵابوون و، دەشیا بە هۆی ئامرازە تەکنیکی و کارگێڕییەکانەوە بە سەریدا زاڵ بین و کۆنترۆڵی بکەین. هەموو ئەم ئامرازانەیش لە بەر دەستدا بوون و دابین بوون. تەنیا پێویستمان بەو سەرکردە کارگێڕییانە بوو کە بەکاریان دەهێنان. لە پاڵ ئەمەدا بیرمەندانی «نائومێدیی کەلتووری» هەر لە ت. هۆلم و ئیزرا پاوەند و ئیلیۆت و ئۆرتیگاوە بۆ ئیلۆل و فۆکۆ و ئارێنت و مارکۆزە وای دەبینن کە ژیانی مۆدێرن هەرهەمووی پووچ و نەزۆك و دارماوە و یەك ڕەهەندی هەیە و لە توانا مرۆییەکان خاڵییە. دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەم دوو ئاراستە فیکرییە لەگەڵ دوو دابەشکارییە سیاسییەکەی ڕاست و چەپدا یەکتر دەبڕن. دووەم، زۆرینەی خەڵکی لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیاندا پەیوەستبوون بەم دوو ئاراستەیەوە، بگرە هەندێکیان هەوڵیان دا لە یەك کاتدا هەر دووکیان بگرنە بەر. لای بۆدلێریش جەمسەرەکان دەبینین کە دەتوانین بە داهێنەری جەمسەرخوازیی دابنێین. بەڵام ئەوەیش دەبینین کە بۆدلێر لای زۆرینەی ئەوانەی دوای خۆی لە شتێکی کەم بوە، ئەویش توانای تێکۆشان و خەبات تا دوا هەناسە دژی ئاڵۆزییەکانی ژیانی مۆدێرن و لێکدژییەکانی و، توانای گەیشتن بە سوبێکت و ڕیالیزەبوونی ئەم سوبێکتە لە نێو دڵی فەوزایەکی بزۆزدا.

جێگای گاڵتەجارییە کە کۆدڕێژکردنی ژیانی مۆدێرن و خاپوورکردنی هەندێك لایەنی لە ڕووی تیۆر و پراکتیکییشەوە بە ناوی مۆدێرنەی پێشکەوتووخوازەوە، بەردەوام بوو. وێڕای هەموو شتێك، ئەو فەوزا بزۆزە دەوری زۆرێکمانی تەنی و ئابلۆقەی خۆی لە دەورمان قاییم کرد. ئەو ئاراستە شارنشینییەیش کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا باڵادەست بوو یارمەتیی توندکردنی ئەم ئابلۆقەیەی دا. ژین یاکۆبز کتێبێکی نووسیوە بە ناونیشانی «مەرگ و ژیانی شارە ئەمریکییە گەورەکان» کە لە ساڵی 1961 دا بڵاو کراوەتەوە و تێیدا پێشبینیی ئەم شارنشینییە نوێیەی کردووە. یەکەم، یاکۆبز دەڵێت ئەو پانتاییە شارنشینییانەی کە مۆدێرنیتە دای مەزراندن، لە ڕووی ماتریالییەوە پاکوخاوێن و ڕێکخراو بوون. بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەوە، زیاتر لە مەرگەوە نزیك بوون. دووەم، ژاوەژاو و هەراهوریا و قەرەباڵغی سەدەی نۆزدە تەنیا شتێکە ژیانی شارنشینیی هاوچەرخ هێشتوویەتییەوە. سێیەم، «فەوازی بزۆز»ی شارنشینیی کۆن لە ڕاستیدا سیستەمێکی مرۆیی زیندوو و ئاڵۆز بوو کە کەس سەرنجی لێ نەدابوو، تەنیا لە بەر ئەوەی نموونەکانی و بەهاکانی پەیوەست بە سیستەمەکەی، میکانیکی و کورتخایەن بوون. خاڵی کۆتایی، ئەوەی لە ساڵی 1960 دا بە مۆدێرنە دادەنرا، دواتر گۆڕاو و بوە پێشکەوتن[3].

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ئەم بیرۆکەیە پشتیوانییەکی گەورەی پڕ جۆشوخرۆشی لێ کرا، کە لەو کاتەدا



*herbert marcuse*

جەماوەرە ئەمریکییەکان کاریان کرد بۆ پاراستنی گەڕەك و شارەکانیان و پارێزگاریلێکردنیان بە ڕووی گەمژەسازیی تازەگەریی میکانیکیدا. هەر بزووتنەوەیەك ئامانجی ئەوە بوو درێژبوونەوەی ڕێگای خێرا بوەستێنێت، هەموو بزووتنەوەیەکی لەم جۆرەیش بزووتنەوەیەکە بۆ پێدانی ژیان بە فەوزا بزۆزە کۆنەکە. وێڕای ئەو سەرکەوتنەی کە لە ئاستی لۆکاڵیدا بە دەستی هێنا، بەڵام هیچ یەکێکیان هێزی ئەوەیان نەبوو کە هێزی شەبەنگەکە و ڕێگای خێرا تێك بشکێنێت. بەڵام ئەو خەڵکانەیش هەن کە دڵسۆزییان هەیە، دەتوانن دوودڵی و شپرزەیی و خرۆشان بخەنە نێو ژیانی شارەوە. کەسانێك هەن کە مژدەی ئەوە دەدەن ئەم ژیانە ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت. لە نێوەندی ترس و نیگەرانییەکانی قەیرانی وزەی هاوچەرخدا، وا دەردەکەوێت کە ژیانی ساکاری گوندنشینیی لە دۆخی داڕمانادایە. لە هەمان کاتیشدا، فەوزای بزۆز کە تایبەتمەندیی شارە مۆدێرنەکانی سەدەی نۆزدەیەم بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێکخراوتر و پەرەسەندووتر دەردەکەوێت. کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مۆدێرنە لای بۆدلێر زیاتر لەوەی لە سەردەمی ئەودا بێت، لە سەردەمی ئێمەدایە.

هەموو ئەمە ئەوە دەهێنێت بە زەینماندا کە مۆدێرنە لێکدژیی ناوەکیی تایبەت بە خۆی هەڵگرتوە و، ئەو تەرزانەی فیکر کە سەر بە مۆدێرنەن و گۆڕاون بۆ فەندەمێنتالیزمێکی چەقبەستوو، تووشی پێشکەوتن دەبن و، تەرزەکانی مۆدێرنە بۆ ماوەی چەندین نەوە دەشارڕێنەوە بە بێ ئەوەی تەرزی ئەڵتەرناتیڤ جێگایان بگرێتەوە و، قووڵترین برینی کۆمەڵایەتی و دەروونییش دەکرێنەوە بە بێ ئەوەی بە کردەیی سارێژ ببن. ئارەزووی هاوچەرخ بۆ دامەزراندنی شارێك کە وەرزی و ماندوویتیی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام زیندوو بێت و ژیانی تێدا بێت، ئارەزوویەکە بۆ سەرلەنوێ تازەکردنەوەی کۆنەبرینێکی تازە. ئەمە ئارەزوە بۆ ژیانێکی سەرفرازی ئازاد و هەڵهێنجانی زیندوێتی و چالاکی لە ململانێ ناوکییەکانمانەوە جا دەرەنجامەکەی هەر چییەك بێت. خۆ ئەگەر لە یەك تەرزی مۆدێرنەوە فێری ئەوە بووبین چۆن شەبەنگەکان لە دەوری پانتاییەکان و لە دەوری سەرمان دروست بکەین، ئەوا لە تەرزێکی تردا (کە ڕەنگە تەمەنێکی درێژیشی هەبێت) فێری ئەوە دەبین کە چۆن شەبەنگەکانمان لە دەست بدەین و سەرلەنوێ خۆمان ببینینەوە.

## پەراوێزەکان:

(1) بواسییر هەرگیز نەیتوانی نەخشەسازییەکانی بەرەو پێش ببات و لە وێرانکردنی پاریس ماندوو نەبێت: بەڵام زۆرینەی پێشبینییەکانی لە سەردەمی بۆمبیدۆدا هاتەدی کاتێك بەرزە ڕێگایەکی خێرای بۆ کەناری ڕاستی ڕووبارەکە کردەوە و بازاڕەکانی «لیهال» و دەیان شەقامی تری سڕییەوە بە بێ ئەوەی شتێکیان لێ بمێنێتەوە.

(2) لۆکۆر بواسییر خەونی بە ئاراستەیەکی «سەروو مۆدێرنیزەیشن»ـەوە دەبینی کە برینەکانی شارەکە سارێژ بکات؛ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی مۆدێرنە لە بیناسازیدا ئەو کینە زۆرەیەتی لە شار و هیواخوازی ئەوە بوو کە لە دیزاین و پلانڕێژییە نوێیەکاندا لە نێو بچێت. هەڵبەت بەراوردکردنی شار بە کەڤاوە و گالیسکە یەکێك بوو لە کلێشەکانی مۆدێرنەی سەرەتایی. ڕێگای خێرا ئەوە دەردەخات کە چیتر شوێنێك بۆ شەقامەکانی شار بەو هەموو جووڵەوە کە بە نێو ڕێزی ماڵەکاندا دەڕوات، بوونی نییە.

(3) «ئەوە مایەی نیگەرانییە کە وای بۆ بچن گەنجانی ئەمڕۆ دەبێت چەمکەکان دەربارەی شارەکان و ئۆتۆمبێلەکان قەبووڵ بکەن، بە بێ ئەوەی هەر لە سەردەمی منداڵی باوانیانەوە هیچ تازەکردنەوەیەکیان تێدا کرابێت». Death and life of Great American Cities, (1961), p. 371.

## سەرچاوە:

مجموعە مؤلفين، الحداثە وما بعد الحداثە، اعداد و تقديم: بيتر بروكر، ترجمە: د. عبدالوهاب علوب، منشورات المجمع الثقافي، ابوظبي، الطبعة الاولى، 1995، ص124-134.